www.kurdistannet.org 04/01/2002 22:46

# سزای ریش تاشین لە سایەی تالیباندا لووت و گوێ برینە!

محمود ئەحمەد
Laros98@yahoo.com

بە دوای شکست و هەرەسی یەکجارەکی تالیبان و هەلپیچانی دەسەلاتی رەشی ئیسلامی لە کابوول، خەلکی ستەم لی چووی ئەو وولاتە بۆ تەعبیر کردن لە نەفرەت و بی زاریان لە دژی سوونەتی کۆنەپەرستانەی ئیسلامیو دەسەلاتی سەرکوتگەرانەی تالیبان، رژانە سەر شەقامەکان و ئاهەنگی ئاوابوونی دەسەلاتیرەشی ئیسلامیان لە ناو خۆشییەکانیان دا تیکەڵ و ئاویزان کرد.

شەپۆلی ئینسان کوژییەکانی تالیبان و داروودەستەی چەقۆکیشی ئیسلامی، لە ژیر سوونئەت و ئەحکامی دزیوی ئیسلامی دا قەسابخانەیەك بوو کە ئەم جانەوەرانەی ئیسلامیسیاسی ژیانی نزیك بە دوودەیەی لە خەلکی بەش مەینەتی ئەو وولاتەی تیدا خەلتانی خوین کرد. نەفرەت و بی زاری خەلکی مەحرووەمی ئەفغانی لە دنیای چەپەلی نیۆ سەروکەللەی جرووجانەوەرانی ووردو درشتی ئیسلامی لە ماوەی دەسەلاتی قیزەوون و پر لە تاوانیان هەرلە یەکەم ساتەکانی مل شکاندنی ئەوان لە کابوول دا دەستی پی کرد. ژنانیش وەك مەحرووەمترین و بی دیفاع ترین نیوەی ئینسانی ئەو وولاتە، بو فری دانی داب و نەریتی بە زور سەپینراوی ئیسلامی، بو مومارەسەکردنی ماف و داخوازییەکانیان کە چەندین سالە لە ناو دووتوی ی شەرع و باوەریکی نایەکسان و دژی بەشەری دا لە مەنگەدا بوو، رژانە سەر شەقامەکان و خواستی یەکجارەکی نەهیشتنی بەلای ئیسلام و تیروریزمی ئیسلامی بوون کە تا ئاستیکی بەرین و لە بەر چاوی کومەلانی وەك تەوقیکی لە میژینە لە گەردنیان ئالینرابوو. ریشی بە زور داسەپینراوی سوونئەتی ئیسلامی کە رووخسارو سیمای ئینسانی گەنجان و لاوانی ئەو وولاتەی رەش کردبووەوە، هەر زوو لی کرایەوە، ئەم جارەیان تالیبان بو پش گرتن بە تەقینەوەی فەزای مودیرن و نورماڵ لە ئاستیکی فراوان تردا.

بو پیش گرتن لە تەقینەوەی رق و بیزاری خەلکی ناوچەکانی ژیر چنگ و ددانی جەللادانی، دەستی دایە حەملەیەکی تووندو تیژ و بەربلاو، قانوونی عوروف ئیسلامی دەستیپی کرد بۆ سەر هەموو ئەو کەسانەی کە دژی بە دەسەلات و سوونئەتی ئیسلامی تالیبان دەم وچاویان خاوین کردبووەوەو، لە بەر چاوی گشتی خەلك داو لە سەر شەقامەکان کەووتنە لووت و گووی برینیان و ئەشکەنجەو زیندانی کردنی ئەو سەرتاشانەی کە قژ دەبرن لە سەر شیوەی مودیلەکلنی تایتانیك و غەربی. ئەمە پەیامی ئیسلامە بو کویلەکردنی ئینسان و هەلاواردنیان لە یەکتری ریش دانان و دریژکردنەوە زەك ناشیرین ترین سوونئەتی کونەپەرستی مەزهەبی بو خوجیاکردنەوەی لە کەسانی مەدەنی و عەسری. ئەو پەتاو بەلایە کە جرووجانەوەرانی رەنگاو رەنگی ئیسلامی لە هەر جیگایەك بن هەمان قانوون و شەرعیك کە هەزارو ئەوەندە سالە لە لایەن بن لادنەکان و تالیبانەکانەوە ، بە زوری شمشیر و تیرور فەرز دەکەنەوە بە سەر ئینسان دا. ئاوابوونی یەکجارەکی ئیسلامی سیاسی لە زەین و هوشی ئینسانی ئەم سەردەمەدا بەهیزبووەو، سەرەتاکانی ئەم نەبەردەئینسانییە خەریکە دیتە مەیدان بو کوتایی پی هینانی و سەرنگوون کردنی یەکجارەکی .

©Kurdistannet